**وەلام بە پرسیاری ئارێس زارێعی سەبارەت بە نەوار قسەکان عەبدۆلا موهتەدی لە بارەی حدکا(حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران)ەوە**

کاک ئارێسی هێژا، پێش هەموو شتێ سپاست ئەکەم کە تۆ وەکوو خەباتکارێکی جیلی نوێ و بە هەستی بەرپرسیاری و دڵسۆزی دەرحەق بە مێژووی کۆمەڵە، چەندین جار داوات لە من کردوە لە بارەی ئەو فایلە دەنگیەی عەبدۆڵا موهتەدی لە بارەی "حدکا"وە، وا لە فرەیەک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانا، وەک بەڵگەیێک دژ بە کۆمەڵە بە کاریان هێناوە و پرسیاری بۆ زۆرکەس دورست کردوە، روونکردنەوەیەک روو بە خەڵک پێشکەش بکەم. ئەوە منیش لێرەا لە وەڵامی پرسیارەکەتا رەوایەتی خۆم بۆ ئاگاداری هەموان باس ئەکەم و رەنگە پێویستی بە وتن نەبێ کە ویژدان و شەرافەت سیاسی خوەم ئەخەمە پشت قسەکانم.

راستیەکەی منیش کە ئەوەڵ جار بوو ئەم بابەتمە ئەبیست هەم پێی نارەحەت بووم، هەم بردمیە فکرا بزانم ئەم قسە و باسە کەی و لە کوێ کراوە و هەم کردەوەی ئەو کەس یا کەسانە وا بۆ ئەوەڵ جار بڵاویان کردەوە بە کارێکی ناشیرین و خەیانەت لە ئەمانەت و بە مەبەست چەواشەکاری لە مێژووی کۆمەڵە هاتە بەرچاوم؛ چوونکە تا ئەو جێگە من لە خەڵکم بیستوە، ئەوان بە بێ هیچ بەرپرسی و پرەنسیپێک و بێ هیچ روونکردنەوەیەک کە ئەم قسەگەلە بۆچی و لە چ هەل و مەرجێکا کراوە ئەو کارەیان کرد و بۆ کەسانێک وا تاقەت بیرکردنەوەیان نیە یان بە قازانجیان نیە بابەتەکە لە رووی مەنتێق و راستی و ئینسافەوە هەڵسەنگێنن، ئەم نەتیجەیە بە دەستەوە ئەدا کە گوایا- هەر وەک چۆن حێزبی دێمۆکرات بەرنامەی لەناوبردن کۆمەڵەی بووگە - کۆمەڵەش پیلانی لەناوبردنی ئەو حێزبەی بووە**!** من ئەم نەتیجەگیریە بە تەواوی رەت ئەکەمەوە و دوور لە راستیی ئەزانم.

بە داخەوە بە دوای بڵاوبوونەوەی نەوارەکەا، نە خودی عەبدوڵا موهتەدی و نە هیچکام لە بەرپرسانی ئەو رێکخراوانە وا بە نێوی کۆمەڵە چالاکی ئەکەن لەم بارەوە نەهاتنە جواو. ئەوە بوو لە وەها بێدەنگیەکی درێژماوەدا و لە هەمان کاتا هاتنە مەیدان دەنگۆگەل ناراست وەکوو ئەوە کە گوایا ئەم قسە و باسە لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە هاتوەتە ئاراوە و لەم قەبیلە لە لایەن ئەم و ئەوەوە، من بە ئەرکی خۆمم زانی کە بیر بکەمەوە بزانم قەزیەکە چۆناوچۆن بووگە. لەو ساوەو تا ئێستا بەیناوبەین بیر و بۆچوونی خۆمم لەم بارەوە بە شێوەی زارەکی بۆ ژمارەیەک لە هاوڕێیان وتووە و ئێستا بە وردەکاریەکی زۆرترەوە بۆ ئیوەی باس ئەکەم.

ئەمانەم لێ یەقین بوو کە من **نە** هەرگیز ئەم نەوارەم بیستبوو، **نە** لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکا کە ئەم قسانەی تێیدا کرابێ بەشدار بووگم. لە هەمان کاتا لەبەر ئەوە هیچ ئاگاداریەکی پێویست و جێی باوەر لە بەر دەستما نەبوو مەجبوور بووم لە لایێکەو لەم و لەو پرسیار بکەم و لە لایێکی تریشەوە لە بیرەوەرییەکانی خۆم بکۆڵمەوە تا بەڵکوو بە شتێک بگەم. لە ئاکامدا بەم دوو نەتیجەی خوارەوە گەیشتووم: **یەکەمینیان** ئەوەیە کە <u>دورس دوای تەواو بوونی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە</u> (بەهاری ١٣٦٠لە خانەقای زەمبیلا)خەبەرمان پێ گەیشت کە حێزب دێمۆکرات - دوای چەند هێرشێکی پێشووتر لەم لا و لەو لا- ئەمجارەش لە موکریانا زەربەیەکی لێمان داوە و من بە نیشانەگەلێک لە پاشکۆی زەینمدا بەوە گەیشتم کە ئەگەری ئەوە هەیە کاک عەبدۆڵا موهتەدی لەم پەیوەندیا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرەکانی کۆمەڵە - کە هیشتا نەگەڕابوونەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان - گرتبووبێ. **دووهەمینیانم** لە هاوڕێیەک(کە لە بەدواداچوونی ئەم جۆرە بابەتانە جیدیە)بیستووە کە ئەیژێ - دوای ئەوە حدکا چەند هاوڕێیەکمانی لە ئاوایی قەرەداخی ناوچەی مەهاباد لە خەرمانانی ١٣٦١دایە بەر دەسڕێژ و کوشتیانی - <u>لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەو جەنایەتە</u>، ئەو قسانە کراوە. هیوادارم کەسانێک پەیدا بن کە بیسەلمێنن کامەیان سەدا لە سەد راستن(من نازانم ئایا

تەنانەت خودی عەبدۆڵا موهتەدیش لە بیری مابێ یان نا)؛ بەڵام لە راستیدا **ئەسڵ بابەتەکە ئەوەیە کە ئەو قسانە ـ نە خۆبەخۆ و بێ هیچ پێشینەیەک، بەڵکوو ـ دوای ئەم یان ئەو هێرشی حدکا بۆ سەر کۆمەڵە کراون.**

سیاسەتی کۆمەڵە لە بەرانبەر دەسدرێژیگەل حیزب دێمۆکرات بۆ سەر کۆمەڵە روون بوو. هەمووکەس ئەیزانی ئێمە سەرەرای هەر جیاوازیەکی سیاسی، حازر نەبووین بۆ چارەسەری کێشەکانمان لە بەرانبەر حێزب دێمۆکراتا دەس بۆ چەک ببەین؛ لە هەمان کاتیشا بە مافی رەوای خۆمان ئەزانی کە جوابی هێرشە چەکداریەکانی حدکا بۆ سەر کۆمەڵە، بە چەک بدەینەوە. لە نەتیجەدا هیچکام لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هیچ حەساسیەتێکیان بەوە نەبوو کە داخۆ ئەم یان ئەو ئەندامی کومیتەکە لە کۆبوونەوەکانا سەبارەت بە وەها بابەتێک قسەو باسەکانیان چۆن پێشکەش ئەکەن. بەڵام دیارە ئەم جارە هەروەها کە فایلە دەنگیەکە نیشان ئەدات، قسەکان تا ئەندازەیەک لە سنووری سیاسەتی کۆمەڵە ترازاون. بۆیە ئەیژم تا ئەندازەیەک ، چوونکە ئەو قسانە ـ ئەو بەشەی وا زیادەرەوی تێدایە ـ هەر وەک قسە مانەوە و کردەوەیەکیان بە شوێنەوە نەبوو و هەم لە کاتێکا کراوە کە شەرێکمان بەسەردا داسەپابوو. باوەر ناکەم هیچ تاکێکی بە ئەزموون و بە ئینساف و تێگەیشتوو گومانی لەوەدا بێ نارەحەتی و قینێک کە ئینسان لە بەرانبەر ناحەقی و دوژمنایەتی و کوشت و بر دژ بە هاورێیانی تووش ئەبێ و لە هەمان کاتا بە شوێن وەڵامێکی گونجاو دژ بەو هێرشە خوێناویە ئەگەرێ، چەندە شتێکی ئاسایی و سروشتیە. لە کاتێکا چەن هاورێ پێشمەرگەمان لە هێرشێکی نارەوا و ناخافڵدا گیانیان بەخت کردوە و لەوانە زیندوویاد کاک یۆسفی حەسەنخاڵی وەکوو پەیکی کۆمەڵە لە سەر رێگا ئەگرن و دەس بەجێ ئێعدامی ئەکەن یان هاورێ سولەیمانی رەحیمی لە قەرەداخ ئەدەنە بەر دەسرێژ، کێ ئەتوانێ ئینکاری بکا کە ئەو کردەوگەلە چ خەم و ئازار و گرژیەک لە ناو تەکـتەکمانا ئەخولقێنێ.

لە راستیا نە تەنیا ئەم جارە، بەڵکوو جارگەل تریش پێش ئەهات کاتێک کە حدکا زەربەیەکی لێمان ئەدا، سیاسەتە دیفاعی و ئاشتیخوازانەکەی کۆمەڵە تا رادەیەک ئەچووە ژێر پرسیار و قسە لە سەر هەڵوێست و کاردانەوەی قاتێعتر لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە(زۆرتر ئەوانە وا لە رەدەکانی سەرەوا نەبوون) ئەهاتە ئاراوە. هەر ئینسانێکی بە ئینساف ئەتوانێ ئەم حاڵەتە لەگەڵ سیاسەتی حدکا بەراورد بکا: ئەوان ئەیانوت ئەگەر کۆمەڵە دژ بە حدکا **تەبلیغ** بکا، ئێمە ناتوانین بەر بە پێشمەرگەکانمان بگرین(واتە، ئەتان کوژین)! دەی بیهێننە بەر چاو کاتێک ئەوان تاو نەتاو **هاورێیانی ئێمەیان ئەکوشت** ریزەکانی کۆمەڵە تووشی چ رەنج و دەردێک ئەبوون و چ بەرپرسایەتیەکی لە رادەبەدەر پێویست بوو تا بریارەکەی کۆمەڵە وەلا نەنرێ.

دیارە لەم جۆرە هەل و مەرجگەلا لەسەرخۆ نەبوون و خۆ بەدەم توورەییەوە دان بەتایبەت بۆ کەسانێک کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بن، دیاردەیەکی پەسەند نیە. لە هەمان کاتا هیچ زەمانەتێکیش بوونی نیە کە هیچکەس(تەنانەت بە ئەزموونترین و بە تەمەنترینەکانیش)تووشی ئەم دیاردەیە نەبێ! دەی چارە چیە؟ چارە ئەوەیە کە بریارەکان بە راوێژ و رای گشتیەوە بچنە پێش و هیچ تاکێک بۆی نەبێ مەیل و ویستی تاکەکەسی خۆی بەسەر ئەوانیترا داسەپێنێ. تەنها بەم جۆرە هەڵەکان بە کەمترین میزانی خۆیان ئەگەین. وە کۆمەڵە زەمانێک وەها رێکخراوەیەک بوو. جا هەر بە بۆنەی ئەم تایبەتمەندیە بنەرەتیەوە بوو کە لەم بابەتەی بەر باسمانا **قەت شتی وا رووی نەدا کە کەسێک بیهەوێ لە جیاتی رای گشتی، بۆچوونی تاکەکەسی خۆی بەرێوە ببا. تەنانەت بە فەرمی یان غەیرە فەرمی بۆچوون و گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ گۆرانی سیاسەتی کۆمەڵەش نەهاتە ئاراوە. وە هەروەتر نە خودی عەبدۆڵا موهتەدی و نە هیچکەسیتر، لە هیچ کۆبوونەوەیەکی فەرمی یان نافەرمی کومیتەی ناوەندی و هەروەها لە هیچ کردەوە و کۆبوونەوەیەکیکەدا شوێنی وەها خاڵگەلێک وا لەو فایلە دەنگیا هاتوە**

**نەکەوت.** (ئەسڵەن من باوەڕ ناکەم هیچکەس بێجگە لەو کادرانە وا لە کۆبوونەوەکا بووبێتن ـ کە منیش ناوەکانیان نازانم ـ ئەو قسانەیان بیستبێ). بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم ئیدعاگەلەمە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رائەکێشم(رەنگە کەسانێک دواجار روونکردنەوەی فرەتر و باشتر بخەنە بەردەس، من نازانم):

**یەکەم** ـ بەم گشتە نەهامەتی و پەرەمپەرەم بوونە وا بەسەر کۆمەڵەدا هاتووە و لە لایەن ئەم و ئەوەو ئەم هەمووە خۆراکە ژەهراویە لە خزمەت دەزگاگەل پڕۆپاگاندەی رژیمی فاشیستی ئیسلامی و بۆ فەوتاندنی مێژووە پڕ لە شانازیەکەی کۆمەڵە بەرهەم هێنراوە، بۆ لە تەواوی ئەم دەیان ساڵە بێجگە لەو فایلە دەنگیە، تاقە یەک نەفەریش پەیدا نەبوو "پیلانگێری نهێنی" کۆمەڵە بۆ زەربەدان لە حێزب دێمۆکرات "ئاشکرا" بکا؟ هۆەکەی ئەوەسە کە هەموان ئەزانن تەواو شەڕەکان کۆمەڵە لە بەرانبەر حدکا دیفاعی بوو؛ دیفاع بۆ مانەوە لە بەرانبەر هێرش یان هێرشگەلێکا کە مەبەستیان لەناوبردن کۆمەڵە بوو(تەنانەت کەم نین ئەو سەرکردەگەل و ئەندامانەی حدکا وا بیر و ویستی دێمۆکراسی و رزگاری نەتەوەیی بەسەر بەرژەوەندی حێزبیانا زاڵ بووە، ئەم راستیەیان سەلماندووە).

**دووهەم** ـ هەروەک هەموان دەزانن کاردانەوەی کۆمەڵە بەرانبەر ئەو هێرشانەی حدکا وا ئاماژەم پێ کرد، نە بە پێی قسەکان عەبدۆڵا موهتەدی لەو فایلە دەنگیەدا و نە هیچ بیر و بۆچوونێکی هێرشبەرانە؛ بەڵکوو بە پێی سیاسەتە بە ئاشکرا راگەیاندراوەکەی کۆمەڵە چووە پێشەوە: بەهاری ١٣٦٠حێزبی دێموکرات هێزێکی گەورەی(تەنانەت بە هێزی بەرگریشەوە) وەڕێ خستبوو تا بە قەولی خۆیان کۆمەڵە لە موکریان خڕ کەنەوە. ئەڵبەت بۆیان نەچووە سەر؛ بە نیسبەت کۆمەڵە، ئەسیرێکی زۆریان دا و لە ئاکاما هەر دوو لایەن ئەسیرەکانیان گۆڕیەوە و لەسەر سوڵح پێک هاتن. لە دوای زەربەکەی ١٣٦١ی قەرەداخیش، کۆمەڵە بۆ بەرگری لە درێژەدانی ئەو جۆرە جەنایەتگەلە مەقەری حدکای لە "دەرمان" چەک کرد و دوای ماوەیەک شەڕ و قوربانی لە هەردووک لا، لەسەر ئاگربەس تەوافق کرا.

بێجگە لەو دوو شەڕە، هەر شەڕێکیدیکەش کە تووشمان هات بە دەسپێشخەری حێزبی دێمۆکرات بوو. شەڕی داسەپاوی سەرانسەریش هەر ئەو حێزبە بە ئاشکرا رایگەیاند و عەمەڵی پێکرد. قەتڵ وعامی پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٢ی ورمێ، پێشمەرگەکانی مەقەڕی بەردەسوور، پێشمەرگە ئامووزشی و بێچەکەکانی کۆمەڵە لە دۆزەغەرە و ... ئەو هەمووە هێرشانەیتر کە سەبت کراون و خەڵکانی زۆر لێی ئاگادارن.. کام ویژدانی بەشەری قەبووڵی ئەکا ئەمانە "خەتای هەردووک لا بوون"؟ لە شەڕە داسەپاوە سەرانسەریەکەیشا رۆژ نەبوو کۆمەڵە داوای ئاگربەس نەکا و ... لە ئاخریشا ئەو بەشە لە حێزبی دیمۆکرات وا دژ بەو شەڕە بوون و جیابوونەوە، دریانە بەر پەلاماری بەشە شەڕخوازەکەی حدکا و بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانیان گیانیان بەخت کرد.

***

با لێرەدا ئەوەش بێژم کە مەبەست من لەم قسانە پاکانەکردن بۆ عەبدۆلای مۆهتەدی نیە؛ هەمووان ئەزانن کە ئەو ساڵهایە لە رێبازی کۆمەڵە لای داوە و پای ناوەتە جێپێی ئەوکاتانەی حێزبی دێموکراتەوە و بە ناو نوێخوازی، بایەخدانان بۆ "شاهنشاهی ٢٥٠٠ساڵە" و سات و سەودا لەگەڵ بەرەی راستی ئێرانی لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد، لە ناو حێزبەکەیانا بووەتە باو. مەبەستی من لەم روونکردنەوانە، دیفاع لە مێژووی کۆمەڵەیە؛ مێژوویەک کە نەیارانی کۆمەڵە دەیانەوێ بە سووئیستفادە لە قسەگەلێک کە نەتەنها قەت نەهاتووەتە پای کردەوە بەڵکوو تەنانەت بە قسەیش کەس شوێنی نەگرتوە، چەواشەی بکەن. هەمووکەس ئەزانن کە سەرانی حێزبی دێمۆکرات بە درێژایی ساڵیانێکی زۆر، بە ئاشکرا یان بە نهێنی پایەکیان لە تاران بوو و بە شوێن سات و سەودا لەگەڵ

ڕژیمی فاشیستی ئیسلامیەوە بوون و لە هەمان کاتا بۆ لەناو بردنی کۆمەڵە و باقی ڕێکخراوەکان و خنکاندنی بیر و دەنگی ئازادی هیچ دوژمنایەتی و دەرفەتێکیان لەدەس نەئەدا. **ڕەنج و ئازارێک کە ئەم سیاسەت و کردەوی حدکا تووشی ئێمەی کرد بە ئەندازەی لەدەسچوونی سەدان هاوڕێ پێشمەرگە و بە قەد شکستهێنان و فەوتاندنی باشترین هەلی مێژوویی بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەسەر بیر و هەست و ڕۆح و ڕەوانمان قورسایی ئەکات.**

لە کۆتایی قسەکانمدا جێگای خۆیە دووخاڵی هەرەگرنگ کە ساڵها لەمەوپێش وتوومە لێرەدا بە کورتی دووپات بکەمەوە:

**یەکەم** ـ هیچ هێزێک بۆی نیە کایە بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بکا و لە ژێرەوە خەریک سات و سەودا و موعامەلە لەگەڵ هیچ حکوومەتێکا بێت.

**دووهەم** ـ تەواو حێزب و ڕێکخراوەکان ئەشێ بە بێ ئەملا و ئەولا فرەحێزبی و ئازادی بیروڕا ورەخنەگرتن و تەبلێغی سیاسی بۆ تاکەکەس و بۆ گشت ڕێکخراوەکان بە ڕەسمی بناسن و هەرگیز ـ بێجگە دژ بە دوژمنانی خوێنڕێژ و داگیرکەر ـ لە بەرانبەر هیچ هێز و ڕێکخراوە و جەرەیانێکی سیاسی و مەدەنیا دەس بۆ چەک نەبەن. واتە وەک هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی ئیمڕۆیی، دەبێ هەمیشە دەنگ و ئێرادەی خەڵک بیبڕێتەوە کە کام حێزبگەل و کام کەسگەل بەشداری حکوومەت بن و کامانە وەلا بنرێن. هیوادارم گەلی کورد، بە تایبەت جیلی نوێی ئەم نەتەوە بندەست و ئازادیخوازە بەو ڕادە لە تێگەیشتوویی، ئێرادە و فەرهەنگی سیاسی لە خزمەت ڕزگاری نەتەوایەتی و حورمەت و کەرامەت گشت ئینسانەکان بگات کە جێگە بۆ هیچ حێزب و بنەماڵە و تاقمێک ـ کە بیەوێ بە زەبری چەک و کوشت و بڕ حوکمی خۆی بەسەر خەڵکا داسەپێنێ ـ نەهێڵێ.

**لەم کاتە هەستیارەی ئێستاشدا** کە گلۆڵەی ڕژیمی فاشیستی ئیسلامی فرەتر لە جاران کەوتوەتە لێژی و دوژمنانی کورد و دوژمنانی ئازادی، خەریکی خۆسازدان بۆ تەپدانە سەر حکوومەت دوای ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامین، پێکهێنانی یەکگرتووییەکی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد ئەرکێکی فەوری و حەیاتیە. ئەگەر ئەو ئەحزاب و جەرەیاناتی سیاسیە لە کوردستان کە خوازیاری ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامی و ڕزگاری نەتەوەی کوردن، بەو دوو ئەسڵەی کە باسمان کرد پابەند بن پێکهاتنی ئەو یەکگرتوویە ئەتوانێ بە ئاسانی بەدی بێ.

به هیوای یەکگرتنێکی دوژمن بەزێن و ڕزگاریبەخش!

شوعەیب زەکەریایی بەفرانباری ١٤٠٣ ، دێسامبری ٢٠٢٤